گۆڤاری کوردیش وێب ئای تی
Kurdish web IT Magazine

**ئامادەکاری بابەت**

**هەوال عەلی**



**یاهوو،وکۆمپانیای mcafee ، هاوبەشیەکی سکیوریتیان لە بواری گەڕان(سیارچ) لە یاهوودا ئاشکرا کرد. ماویەکە بە شێوەی بێتا دەستی پێکردوە، searchscan نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە لە لایەن یاهووەوە بۆ گەڕان، بە پشتبەستن بە خاوەن خەلاتی تەکنەلۆژی جیهانی2008 siteadvisor ® ® mcafee ، ە هەمیشە ئاگاداری پێش وەخت ئەداتە بەکارهێنەر پێش چونە ناو هەر ماڵپەڕێک کە گومانی مەترسی هەبێت،وەک بەرنامەی سیخوڕی adware و هاوشێوەکانی کە ئەتوانن زیان بگەیەنە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرە کەسیەکان.**

**Searchscanکە خزمەتگوزاریەکە لە لایەن کۆمپانیای مەکافی جیهانیەوە دابینکراوە،دەستنیشانی ئەو ماڵپەڕانە دەکات کە دەرکەوتوون کاری ناشیاو وخراپ پیادە دەکەن،هەروەها ئیمێل ولافاوی ئەو نامانەی لەسنوقی spammدان لەگەڵ ئیمێڵەکان.Searchscan .خراوەتە کار بۆ یاهوو لە لایەن کۆمپانیای مەکافیەوە. کۆمپانیای mcafee وکۆمپانیای یاهووهاوبەشیایەکی درێژخایانی چەند ساڵیان  پێکهێناوە تا پێکهانێکی جیهانی هەم ئاهەنگی لە داهاتودا دێتە کایەوە تا ئەو کاتە ئەم دووکۆمپانیایە ئەو خزمەتگوزاریە ئەخەنە بەردەستی بەکارهێنەران.**

**لە ڕێگەی تێهەڵکێشانی تەکنەلۆژیای Mcafee لە گەڵ یاهوو! گەڕانێکی پڕ ئاسایش پێشکەشی بەکارهێنەر ئەکات .**

**Searchscan .ئاگاداری دەداتە میوانانی ماڵپەر ، ڕەنگی سوور لە نیشانەی بەئاگاهێنانەوە لە ئەنجامی مەترسی گەڕان،تا بەکارهێنەران زیاتر بە وریایەوە بجوڵێنەوە،و ڕەنگی سەوز بۆ مالپەڕە پڕ ئامانەکان ،و ڕەنگی زەرد بۆئەو ماڵپەڕانەی پێویستە بە گومانەوە بکرێنەوەکە ئەکرێت ڤایرۆس وترۆژان و تێ خزێنرابێت و ڕەنگی سوریش بۆ ماڵپەرە ترسناک وهێمای پرسیاریش بۆ ئەو ماڵپەڕانەی کە هێشتا پشکنینیان بۆ نەکراوە.**

**ئەو پێکەوەکارکردنەی mcafeeویاهوو! هەنگاوێکی گەورەبوو بۆ بەرەو پێشچوون لە پێناو دەستەبەرکردنی گەڕانێکی ئاسایش لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت ، بەئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەر لە مەترسی ماڵپەڕی نەشیاو لەکاتی گەڕاندا پێش سەردانی ئەو جۆرە ماڵپەڕانە .**

Searchscan"نیشانەیەکی نوێی بەخشیە یاهوی گەڕان ،کە بوە هۆی ئەوەی گەڕان لە تۆڕی ئینتەرنێت زۆر زیاتر لە جاران ئاسایشی تێدا بێت کە پێشتر ئەمە نەبووە،وبە ئاگادارکردنەوەی پێش وەختە بەمەش بەکارهێنەر ئەپاریزیت لە هەر توشبونێک یان لەکارکەوتنی ئامێر بێ ئەوەی هیچ نرخێکی لە سەر بکەوێت .

Vish makhijani ووتی کە جێگری یەکەمی سەرۆکی وبەڕێوەبەری گشتی یاهوی گەڕانە" لە ڕیگەی ئەو هاوبەش و هاوکاریەی لەگەڵ mcafee ، کردومانە ئەتوانین ئەزموونێکی گەڕانی پڕئاسایش ببەخشینە بەکارهێنەران ،وبەمەش ئەبێتە پاڵنەرێکی باش بۆ زیاترین ژمارەی بەکارهێنەر کە یاهو بکەنە خاڵی سەرەتا بۆ گەڕان لە تۆڕی ئینتەرنێت ."

هەروەها تیم داولنگ کە جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی تۆڕی دڵنیاییە،بۆ ئاگاداری پێشوەخت کە mcafee siteadvisorدەستەبەری کردووە وتی"ئێمە بەو هاوبەشی وهاوکاریە لەگەڵ یاهوو زۆرگەشبینین تا پێکەوە وابکەین کە ئینتەرنێت زیاتر ئاسایش بێت بۆ بەکارهێنەران" ،و ووتیشی یەکێک لە چەکە هەرە بەهێزەکانە دژی ئەو هەرەشەیەی لە رێگەی ئینتەرنێتەوە لەسەر بەکارهێنەرانە". توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە 4 سەردان لە کۆی 5 سەردان بۆ ماڵپەڕولەگەڵ دەستپێکی گەڕاندا مایەی مەترسیەکی گەورەیە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا.بەمە بەکارهێنەرانی یاهو ئەپارێزرێت لەهەموو کرتەیەک کەببێتە هۆی تێکدان یان هاتنە ناوی بەرنامەی سیخوڕی کە بەهۆیەوە کار بۆ دزینی زانیاری بەکارهێنەران ئاسان ئەکات .

Mcafee siteadvisor

تا ئێستا 135 ملیون جار داگیراوە ، چەندین خەڵاتیشی لە بواری ئامنیدا وەرگرتوە بە خەڵاتی پێنج ئەستێرەی ماڵپەڕی

CNET 'sdownload.com . وەرگتوە جگە لە گۆڤاری تایم وەک باشترین ڕێپیشاندەر لە سەر تۆڕی ئینتەرنێتلمزید من

بۆ زانیاریش بە زمانی ئینگلیزی سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن

cliquer ici